گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن

Journal of University of Raparin.

مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper11

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٢/٠٩/٢٦

ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٧

ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# بەکارهێنانی گۆرانی کوردی لە میتۆدی ئامێری پیانۆدا

**أحمد نورالدين طه[1] - إحسان شاكر زلزلة[2] - نەریمان عبدالله كريم[3]**

nareman.kareem@su.edu.krd - ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.edu.iq - ahmednuradeen7662@gmail.com

[1]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی بەغدا، بەغدا، عێراق.

[3]بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

گەلانی جیهان بە چەندین ڕێگا هەوڵی پاراستنی کەلەپوری موزیکی خۆیان داوە، لەمانەش بواری پەروەردە و فێرکردنی موزیک، هەروەها کەلەپوری موزیکی خۆیان لە بەرنامە پەروەردەییەکانی موزیکدا بەکارهێناوە، لەوانەش لە میتۆدی ژەنینی ئامێری پیانۆدا، کە تەوەر و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە. هەندێک لە دانەرە موزیکییەکان پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی گۆرانییە ناسراو و بەناوبانگەکان وەک ڕێبازێکی پەروەردەیی بۆ فێرکردنی ئامێری پیانۆ. بۆیە توێژەر، دو گۆرانی لە کۆمەڵێک نمونەی گۆرانی ناسراوی کوردی شاری هەولێر هەڵبژاردوە و بۆ ئاستی دەستپێک بەکاریهێناوە. "بەکارهێنانی گۆرانی کوردی لە میتۆدی ئامێری پیانۆدا"، تێکەڵکردنی کەلەپوری گۆرانی کوردییە بە ئامێرێکی زۆر گرنگ لە ئامێرەکانی موزیک، کە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ و کاریگەری لە هونەری موزیک بەگشتی هەیە، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی موزیک بەتایبەتی. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە کەڵک لە کەلەپوری گۆرانی کوردی وەردەگرێت لە مۆدێلێکی پەروەردەیی و فێرکاری بۆ ژەنینی پیانۆ، لە ئاستی دەستپێک بۆ تەمەنی پێگەیشتوان.

زۆر لە توێژینەوەکان ئەوە دوپاتدەکەنەوە، کە ئەو پارچە موزیک و ڕاهێنانەی میلۆدی گۆرانییە کەلەپوری و باوەکانیان تێدا بەکارهاتوە، باشترین بابەتی فێرکارین بۆ موزیک، هەروەها یارمەتی فێرخوازان دەدات، تا ئاشنای کەلەپوری موزیک بن و ناسنامەی کەلتورییان بەهێزبکەن.

**کلیلە وشەکان:** گۆرانی کوردی، میتۆدی پیانۆ، ئامێری پیانۆ، پەروەردەی موزی

## 1. پێشەکی:

پاراستنی کەلەپوری موزیکی کوردی ئامانجێکی گەورە و گرنگە، سەرەڕای هەوڵەکان لەلایەن دامودەزگا فەرمییە پسپۆڕییە تایبەتە جیاجیاکانی موزیک. بەڵام، گرنگی ئەم بابەتە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت. چونکە، لە قۆناغێکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و لە سیستەمێکی جیهانگیری نوێدا دەژین، کە کەلتورەکان تێکەڵ و ئاوێتەی یەک دەبن، لەوانەیە ببێتە هۆی لەناوچونی ناسنامەی موزیکیمان لە بەریەکخستنی ئەم جیهانگیرییە.

لەم چوارچێوەیەدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی لایەنێکی گرنگ و هەستیاری هونەری موزیک، کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی گۆرانی کوردی لە چوارچێوەی خوێندندا. بە کۆکردنەوە و نوسینەوە و ئامادەکردن و داڕشتنەوەیان لە شێوەی پارچە وڕاهێنان بۆ ئامێری پیانۆ. بە مەبەستی بەرجەستەکردنی نۆتەی ئەم گۆرانیانە بۆ فێرخوازانی ئامێری پیانۆ لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان، بەتایبەتی ژەنیارانی ئامێری پیانۆ بەگشتی. ئەم کارەش، بەسودوەرگرتن لە میتۆدە ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەتی میتۆدی ئەلفێرێد ئی. ڕۆڵاند Alfred E. Roland، کە لە بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین پەیرەو دەکرێت. هەروەها میتۆدەکانی فێردیناند بایر Ferdinand beyer، بەرگی یەکەمی تشینی سوزوکی Suzuki Piano School Volume 1، کتێبە دەستپێکەکانی ئەلفرێد Alfred's Basic Piano Library –Books و میتۆدە نوێیە جیهانییەکان بۆ فێرکردنی ئامێری پیانۆ پشتیان پێبەستراوە، کە لە بەشی موزیک پەیرەو دەکرێت. لێرەدا ئەم توێژینەوەیەمان پێشنیاز کردوە بەو ئامانجەی گۆرانی کەلەپوری و باوی کوردی بخرێتە نێو بەرنامەی خوێندن، بە مەبەستی پاراستنیان و بەکارهێنانیان لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی خوێندنی موزیک. هەروەها ئاشناکردنی فێرخوازانی ئامێری پیانۆ بە گۆرانییە کوردییە جۆراوجۆرەکان، کە تاکو ئێستا بە دەگمەن بۆ فێربونی ژەنینی ئامێری پیانۆ ئامادەکراوە.

### 1.1. کێشەی توێژینەوە:

زۆربەی میتۆدەکانی ئامێری پیانۆ لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان لەسەری دەخوێندرێن، ڕۆژئاوایین و میلۆدی و گۆرانییەکانیان تایبەتن بەو ژینگە و کەلتورەی ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتون. ئەمەش بۆتە هۆکاری بێبەشبونی فێرخوازانی ئامێری پیانۆ لە کەلتور و کەلەپوری موزیکی خۆیان. هەروەها نەگونجانی فێرخواز لەگەڵ میلۆدی پارچە موزیکییە ڕۆژئاواییەکان، سەرەڕای گرنگییان لە بواری تەکنیک و گرنگی مانەوەیان، بونەتە هۆی بێزاری و لاوازی چێژ و سۆز. توێژەر لەڕێگەی کارەکەیەوە لە وانەوتنەوەی ئامێری پیانۆ لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان _ بەشی موزیک. تێبینیکردوە، کە هیچ میتۆد و نمونەی نۆتەی پارچە و ڕاهێنانی موزیکیی (لەبەردەستی فێرخوازانی ئامێری پیانۆ لە بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین)دا نییە، کە گۆرانی و میلۆدی کوردی تێدا بەکارهاتبێت بۆ فێربونی ئامێری پیانۆ، تایبەت بێت بۆ ئاستی دەستپێک یاخود ئاستەکانیتر. بێگومان ئەو هۆکارانە پاڵنەری سەرەکی بون بۆ کارکردنی توێژەر لەم بوارە و چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. ئەمەش بە داڕشتنەوە و ئامادەکردنی چەند ڕاهێنان و پارچەیەک بۆ ژەنین بە بەکارهێنانی گۆرانی کوردی بۆ فێرخوازانی ئامێری پیانۆ.

بێگومان ئەو هۆکارانەی باسمان کرد، چەندین پرسیاری لە هزری توێژەر دورستکردبو، لەمانەش: ئایا بەکارهێنانی گۆرانی کوردی لە میتۆدی ئامێری پیانۆدا پێویستە؟ ئایا بەردەستکردنی نمونەی نۆتەی ئامێری پیانۆ بە هەوێن و بنەمای گۆرانی کوردی سودی لەسەر بیری موزیکی فێرخوازان دەبێت؟ ئایا تا چەند پێویستە فێرخوازانی پیانۆش ئاشنای موزیک و گۆرانی کەلەپوری خۆیان بن؟ ئایا پێویستە گۆرانی کوردی بخرێتە نێو بەرنامەی خوێندن؟ بۆیە لێرەدا هەوڵدراوە بەپێی ڕێکار و هەنگاوە زانستییەکان لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا وەڵام بدرێنەوە.

## 1.2. ئامانجی توێژینەوە:

١. بەکارهێنانی گۆرانی کوردی لە میتۆدی فێرکاری ئامێری پیانۆدا.

٢. بەردەستکردنی چەند نمونەیەکی نۆتەی ئامێری پیانۆ، کە هەوێن و بنەمای هونەرییان لە گۆرانی کوردی وەرگیرابن.

٣- پارچە موزیک و ڕاهێنانەکان وەک بابەتی تەواوکاریی میتۆدەکانی ئێستا بۆ فێرخوازانی دەستپێک و ئاستی مامناوەند بەکاربهێنرێن.

٤- سودوەرگرتن لە داڕشتنەوەی پارچە موزیکەکان بۆ ئامێری پیانۆ بە بەکارهێنانی گۆرانی کوردی بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بەجێهێنانی فێرخوازان و هاندانیان.

٥- بەدیارخستنی جوانی میلۆدییە کوردییەکان لەسەر ئامێری پیانۆ.

### 1.3. گرنگی توێژینەوە:

١. هەنگاوێکی کردارییە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ئاسانکردنی پرۆسەی فێرکردنی ئامێری پیانۆ بۆ ئاستی دەستپێک.

٢. ئاشناکردنی فێرخوازانی ئامێری پیانۆ بە ژەنینی گۆرانییە کوردییە باو و ناسراوەکان.

٣. وەک یەکەم هەنگاو بۆ پاراستن و خزمەتکردنی کەلتوری موزیکی کوردی لەڕێگەی بەکارهێنان و گرنگیدان بە گۆرانی کوردی لە فێرکردنی ئامێری پیانۆدا.

### 1.4. ڕێبازی توێژینەوە:

توێژینەوەیەکی (وەسفیی شیکاری)یە، پشت بەستراوە بە میتۆدی چۆنایەتی (qualitative)، کە وەسفی دیاردەیەک یان، ڕوداوێک یان شتێکی دیاریکراو دەکات، لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاری ڕاست و تێبینییەکان لەسەریان و وەسفکردنی بارودۆخە تایبەتەکانی و خەمڵاندنی بارودۆخەکەی. هەروەها بە بەکارهێنانی سەرچاوە و ئەرشیفە تۆمارکراوەکانی دەنگ و ڕەنگ بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی نمونەکان و داڕشتنەوەیان بۆ ئامێری پیانۆ، وەک پارچە و ڕاهێنانی فێرکاریی.

### 1.5. سنوری توێژینەوە:

سنوری کات: گۆرانی کەلەپوری و میللی و دانراوی باو لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ -٢٠١٠

سنوری شوێن: هەرێمی کوردستانی عێراق – شاری هەولێر

سنوری بابەت: بەکارهێنانی نمونەی هەڵبژێردراو لە گۆرانی فۆلکلۆر و میللی و گۆرانی هونەریی دانراوی کوردی بۆ میتۆدی ئامێری پیانۆ، بۆ تەمەنی پێگەیشتوان لە ١٨ ساڵییەوە بەرەو سەر.

### 1.6. نمونەی توێژینەوە:

دو گۆرانی لە کۆمەڵێک گۆرانی شاری هەولێر وەک نمونەی توێژینەوە هەڵبژێردراون.

## 2. چواچێوەی تیۆری:

### 2.1. گۆرانی

بەپێی فەرهەنگی کامبریج گۆرانی پارچە موزیکێکی کورتە و هۆنراوەی هەیە و دەوترێتەوە. (Cambridge.org, 2022, 0nline) هەروەها بەپێی فەرهەنگی موزیک "گۆرانی زاراوەیەکە لەلایەن زانا و توێژەرانەوە بۆ وەسفکردنی پارچە موزیکێکی کورت بۆ دەنگێکی تاکەکەسی، بە یاوەری ئامێر یان، بەبێ ئامێر پێشکەش دەکرێت. (Ammir, 2004, 309)

یاخود گۆرانی فۆرمێکی هونەرییە و پارچەیەکی موزیکی کورتە، تێکست و موزیک تێیدا یەکسانن لە گرنگی گواستنەوەی ناوەڕۆک و مانا. زیاتر موزیکێکی دەنگییە لەوەی موزیکێکی ئامێری بێت، واتە زیاتر پشت بە دەنگ دەبەستێت، وەک لە ئامێرە موزیکییەکان. (عثمان، ١٩٩٣، ١٩) گۆرانی ئەو بەشە موزیکییەیە، کە بە دەنگی مرۆڤ بەجێدەهێنرێت و کۆمەڵێک پێکهاتەی وەک وشەکان، ڕیتم، ئاواز و دارِشتنی هەیە. (شارباژێر، ١٩٨٥، ٤)

## 2.2. جۆرەکانی گۆرانی

### 2.2.1. گۆرانی فۆلکلۆری (Folk Song)

ئەم جۆرە گۆرانییە لە هەمو موزیکی میللەتانی جیهاندا بونی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ چینی جوتیاران و شوانکارانی گوندنشین. بە جۆر و ڕێچکەی ژیان و بۆنەکانی ڕۆژانە و کار و ...هتد بەستراوەتەوە. موزیک و گۆرانی فۆلکلۆری بە گشتی، بە نەریتی زارەکی لە نێو خەڵکدا دەمێنێتەوە. سەرچاوەکەی نادیارە و بەشێوەیەکی زارەکی دەگوازرێتەوە. یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی کەلتور و شوناسی گەلان. ( marefa.org, 2022, online)

### 2.2.2. گۆرانی میللی (Popular Music)

ئەو جۆرە گۆرانییە بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە بەکاردێت، پەیوەندی بە چین و توێژێکی فراوانی خەڵکەوە هەیە. هەروەها پەیوەندی هەیە بە پرەنسیپی دابینکردن و خواستەوە، بۆیە زۆر جار ئامانجی سەرەکی سەرکەوتنی جەماوەرییە. بەگشتی ئەم جۆرە گۆرانییە دو ئاستی هونەری هەیە، دەکرێت جیاوازی لە نێوان ئەو دو ئاستەدا بکرێت:

یەکەم: ئاستێکی هونەری بەرز، کە لایەنی ڕەسەنایەتی تێدا بەدیدەکرێت.

دوەم: ئاستێکی هونەری داریکراو، کە سەرکەوتنی کاتی بەدەست دەهێنێت و زو لەناودەچێت. (طموم، ١٩٩٨، ٣٤)

لەم بارەوە سەگرمە (٢٠٠٣، ١٧) سەبارەت بەم جۆرە گۆرانییە ڕونی دەکاتەوە، کە لە یەکێک لە خەسڵەتەکانی گۆرانی میللی، یاخود وەک ئەو ناویدەبات بە گۆرانی گەل Pop Song لە موزیکی کوردییدا، دەڵێت: "هونەرمەندێکی نیمچە پیشەمەند ئاوازەکەی دادەنێ و دابەشکردنی موزیکیی بۆ سازدەدا، یان ئاوازەکە لە کەسێکی دیکە یان، لە کەلەپور وەردەگرێ".

### 2.2.3. گۆرانی دانراو (Art Song)

گۆرانی دانراو سەرچاوەی لە دایکبونی شارە، مەرجە دانەری دەق و ئاوازەکەی دیاربن. بەشێوەیەکی زانستی ئاوازەکەی لەسەر لاپەڕەی نۆتە دەنوسرێتەوە. سەبارەت بە ئاستی هونەری ئەم جۆرە گۆرانییە، پشت دەبەستێت بە توانست و لێهاتویی و داهێنانی ئاوازدانەرەکە لە پرۆسەی ئاوازدانانیدا. (عەلی، ٢٠١٠، ١٧) طموم (٢٠٠٧) پێیوایە ئەم جۆرە گۆرانییە پەیوەندی بە زانین و پسپۆری لە شێوازەکانی دانانی موزیک هەیە لە ڕێگەی خوێندنی ئەکادیمی جدییەوە، یان بەلایەنی کەمەوە ئەزمونی لە کارەکانی دانەرانی پێشودا هەبێت.

## 2.3. موزیک و گۆرانی کوردی

زاناکانی بواری شارستانیەتە کۆنەکان و ڕۆژهەڵاتناسان، کۆک و هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هەمو کۆمەڵگەیەکی سەر ڕوی زەوی خاوەن شارستانیەتێکی تایبەتی ڕێژەیی خۆیانن. (فاضل، ٢٠٠٧، ٩) لەم بارەیەوە تۆفیق دەڵێت: کورد وەک گەلانی دیکە موزیکی ناسیوە بۆ دەربڕینی هەستی خەم و خۆشی و ئازار و دڵەڕاوکێی خۆی و لە کاتی کارکردندا میلۆدی دروستکردوە. بۆ ئەم مەبەستانە میلۆدی و شیعری ڕێکخستوە، ئەرکی خۆی لە لەوەڕگە و کێڵگە و لە بۆنە و ئاهەنگ، لە کۆڕەکانی خۆشی و شادی، لە کاتی ڕێوڕەسم و عیبادەت، لە ڕێوڕەسمی ماتەمینی، لە پرسە، لە بازنەی زیکر، لە کۆبونەوەی سۆفیگەری، لە کاتی بەخێوکردنی منداڵ و لە کاتی شەڕەکاندا کە بە گۆرانی بوترێن. (توفیق، ٢٠١٠، ١٥٩)

گەلی کورد، گۆرانی و ئاوازی خۆی هەیە، توانیوێتی تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی بۆن و بەرنامەی کوردەوارییانەی خۆی بپارێزێ و لەناو ئاواز و گۆرانی دراوسێکانیدا جیابکرێتەوە. چونکە، ئەو جۆرە تایبەتمەندییانەی مەقام و ئاوازی کوردی هەیەتی، هیچ دراوسێیەکی نییەتی. بە واتایەکی تر، ئەو (حیران)ەی کورد هەیەتی، هیچ دراوسێیەکی نییەتی. ئەو (لاوک)ەی کورد هەیەتی، ئەو (هۆرە و سیاچەمانە)یەی کورد هەیەتی هیچ دراوسێیەکی نییەتی. (باقی، ٢٠٠٢، ٢٦)

## 2.4. جۆر و شێوازەکانی گۆرانی کوردی و پۆلێنکردنیان

جۆر و شێوازەکانی گۆرانی کوردی زۆر زۆرن، هەر ناوچەیەکی کوردستان مۆرک و کاراکتەری گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمەش بەهۆی جیاوازی واقیعی سروشتی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی و ئابوریی ئەم ناوچانە. (باقی، ٢٠٠٩، ٢١)

گۆرانی کوردی چەند جۆر و شێوازێک لەخۆدەگرێت و دابەش دەکرێن بەسەر چەند لقێکدا. لەم بارەیەوە کۆمەڵێک توێژەر، شارەزایان لە هونەری موزیک، ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی، نوسەر و شاعیر هەڵساون بە پۆلێنکردنی گۆرانی کوردی بەپێی چەند پێوەرێک، وەک: دەق، هەڵپەرکێ، هەمەڕەنگیی جوگرافیایی ناوچەکانی کوردستان و ژمارەی گۆرانیبێژان، ....هتد، لێرەدا ژمارەیەک لەم پۆلێنکردنانە بە کورتی دەخەینەڕو، کە پێکهاتوە لەمانەی خوارەوە:

١- عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ (٢٠١٠، ٦٤-٦٧) جۆرەکانی گۆرانی بەم شێوەیە پۆلێندەکات: گۆرانی کار، گۆرانی بۆنە، گۆرانی یاری، گۆرانی ئایینی، گۆرانی منداڵ بون، گۆرانی ژنهێنان، گۆرانی جەژنەکان، گۆرانی کۆمەڵایەتی، گۆرانی خۆشەویستی، گۆرانی لایەلایە، گۆرانی جەنگ، گۆرانی منداڵان.

٢- شوکریە ڕەسوڵ (٢٠٠٨، ١٢٧-١٢٨) جۆرەکانی گۆرانی کوردی بەم شێوەیە پۆلێن دەکات:

أ- گۆرانی کارکردن، وەک: دروێنە، ڕاوکردن، ساوار کوتان، دەستاڕ هاڕین، شوانکاری، کاسبکاری، جوتیاری، مازوچنین، مانگا دۆشین، مەشکەژەنین.

ب-گۆرانی ڕۆژانە، وەک: گۆرانی یاریکردنی منداڵان، گۆرانی لایەلایە، گۆرانی خۆشەویستی، گۆرانی مەجلیس

ج – گۆرانی بۆنە، وەک: گۆرانی منداڵبون، نیشانەکردن، گۆرانی خەتەنە، خەنەبەندان، گۆرانی بوک گواستنەوە، ئیشکگرتن، هەڵپەرکێ شایی، گۆرانی ئاینی، شین و لاوانەوە، دورکەوتنەوە لە نیشتمان و کەسوکار.

٣- عەبدوڵا جەمال سەگرمە گۆرانی کوردی بەگشتی بەم شێوەیە پۆلێن دەکات:

أ- گۆرانی کەلەپور، ئەمەش لە ڕوی ڕیتمەوە دەکرێتە دو بەش:

یەکەم: گۆرانی کێشدار (Measured Song)، وەک: شایی و زەماوەند، هەڵپەرکێ، بۆنە نەتەوەییەکان ...هتد.

دوەم: بێکێش(Adlibitum Song)، وەک: لاوک، حەیران، قەتار، خورشیدی، نیوە شەو، ئای ئای ...هتد.

ب- دانراو، ئەمەشیان دەکرێتە دو بەش:

یەکەم: گۆرانی هونەری، کە کەسانی هونەرمەندی پسپۆڕ دایدەنێت بەپێی ئەو نۆتەیەی کە دانەر دەینوسێتەوە، گۆرانیبێژەکە دەیڵێتەوە بەبێ زیاد و کەم. واتە گۆرانیبێژەکە پابەندی نوسینەکە دەبێت بەبێ دەستکاریکردن.

دوەم: گۆرانی گەل، کە لەلایەن هونەرمەندێکی نیمچە پیشمەند، ئاوازەکەی دادەنرێت. سەرچاوەی ئاوازەکە لە کەلەپور یان، لە کەسێکی دیکەوە وەردەگرێت. (سەگرمە، ٢٠٠٣، ٢٥-٣٠)

لەم چەند پۆلێنکردنەی خرانەڕو، بە ڕای توێژەر پۆڵێنکردنی عەبدوڵلا جەمال سەگرمە ڕاستتر و وردترە. چونکە بە ڕوانگەیەکی زانستی خوێندنەوەیەکی موزیکی بۆ بابەتەکە کردوە. لە کاتێکدا لە پۆلێنکردنەکانی تر، لایەنی موزیکی کەمتر بەدیدەکرێت. هەروەک چۆن خۆی ئاماژە بە بەستنەوەی پۆلێنکردنەکانی تری داوە، هەروەها هەوڵیداوە بە دورخستنەوەی زاراوە ناموزیکییەکان.

ئەم جۆر و شێوازانەی گۆرانی کوردی، تەواوی لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانە و بۆنەکان لە خۆشی و ناخۆشی مرۆڤی کوردی گرتۆتەوە. لەم بارەیەوە عیزەدین ڕەسوڵ گۆرانی بە ئاوێنەی گیانی میللەت داناوە، هەروەها دوپاتی دەکاتەوە کە گۆرانی "تەنیا ئاوێنەی هەستی تایبەتی دانەرەکەی نییە، بگرە هەستی فراوانترین کومەڵی خەڵک دەردەبرێ". (ڕەسوڵ، ٢٠١٠، ٦٩)

## 3. ئامێری پیانۆ

ئامێری پیانۆ بە ماوەیەکی دورودرێژ بە قۆناغی جیاواز پەرەیپێدراوە، تاکو بوەتە ئەم شێوەیە، کە ئەمڕۆ دەبینرێت و دەناسرێت.

ئامێری پیانۆ یەکێکە لە ئامێرە تەختە کلیلییەکان، ئامێرە تەختە کلیلییەکان Keyboard Instruments ئەو ئامێرانەن، کە لە ڕێگەی فشار خستنە سەر تەختە کلیلی ئامێرەکە دەنگ دروست دەکەن. هەر کلیلێک دەنگێکی دیاریکراو و جیاوازی هەیە. لە بەناوبانگترین ئامێرە تەختە کلیلییەکان: (پیانۆ، هارپسیکۆرد، کلاڤیکۆرد و ئۆرگن). هەروەها جۆرە جیاوازەکانی هارپسیکۆرد وەک سپینێت و ڤێرجیناڵ لەخۆدەگرێت، هەرچەندە بەتەواوی لەیەکتر جیاوازن، بەڵام هەریەکەیان تەختە کلیلێکی هەیە، کە دەکرێ چەند دەنگێک لە یەک کاتدا بەخێرایی و بە ئاسانی بژەنرێت. (Kamien, 1998, 25) لە نێو ئامێرە تەختە کلیلییە ژێدارەکان، دو لەم ئامێرانە بە باپیرەی ئامێری پیانۆ دادەنرێت ئەوانیش:

١. ئامێری کلاڤیکۆرد Clavichord

٢. ئامێری هارپسیکۆرد Harpsichord

## 3.1. پەیدابونی ئامێری پیانۆ

پیانۆ تێکەڵەیەکە لە تایبەتمەندییەکانی دو ئامێری پێشو، دەنگەکەی ڕون و بەهێزە، هاوشێوەی هارپسیکۆرد، هەروەها نەرمی لە ژەنیندا و توانای هەمەچەشنکردنی دەنگ لەڕوی چڕی و نەرمی، وەکو کلاڤیکۆرد هەیە. گەورەیی دروستکردنی ئامێرەی پیانۆ بۆ ئامێرسازێکی ئیتاڵی بە ناوی بارتۆلۆمێۆ کریستۆفۆری Bartolomeo Christofori (١٦٥٥- ١٧٣١) دەگەڕێتەوە. (Wier, 1940, 19)

کریستۆفۆری ئامێرەکەی بە ئارپیچیمبالۆ دێل پیانۆ فۆرتێ Arpicembalo del piano e forte ناوبرد، کە لە زمانی ئیتالییەوە دەگوازرێتەوە بۆ (هارپسیکۆرد بە دەنگی نزم و بەرز)، بە تێپەڕبونی کات ناوەکە کورتکراوەتەوە و دوبارە ڕێکخراوەتەوە بۆ "پیانۆ فۆرتێ"، "فۆرتی پیانۆ" و لە کۆتاییدا پیانۆ. (Stewart and Butt, 1995, 23) پەیدابون و پێشکەوتنی پیانۆ بوە هۆی بەدەستهێنانی ئەدای چۆنایەتی، مێژویەکی سەرنجڕاکێشی داهێنان و لێزانی مرۆڤە لە خزمەتکردنی هونەر و جوانیدا. هەروەها بوە هۆی وردکردنەوە و باشترکردنی دەربڕینی دەنگیی. بێگومان کۆمەڵێک هۆکار لە دوای ئەم گەشەکردنە هەبوە، لەوانە پێداویستییەکانی ئاوازدانەر و موزیکژەنەکان، پێشکەوتنەکانی مادده بەردەستەکان و تایبەتمەندییەکانی سیستەمی بیستنی مرۆڤ. "ئامێری پیانۆ بەهۆی توانای دەنگی و توانای دەربڕینیەوە، بەیەکێک لە بەناوبانگترین ئامێرە مۆزیکییەکانی جیهان دادەنرێت. بە جۆرێک لە جیهان بڵاوبوەوە، کە هیچ ئامێرێکی موزیکی وا بە خێرایی وەک ئامێری پیانۆ نەبوە". (جادالله، ٢٠٠٧، ٣٧)

## 4. میتۆدی پیانۆ

مرۆڤ هەمیشە خەریکی دروستکردنی موزیک و داهێنانی ئامێری موزیکییە جیاوازکان بوە. ڕێنماییەکان سەبارەت بە چۆنیەتی ژەنینی ئامێرەکان بە هەمو جۆرەکانیانەوە بە تێپەڕبونی کات پەرەی سەندوە. "فێربونی ئامێرە موزیکییەکان لە ڕێگەی سەیرکردنی مامۆستا بەبێ هێما موزیکییەکان پەرەیسەند بۆ فێربونی خوێندنەوەی سیستەمی هێما موزیکییەکان. ئەو سیستەمە نوسینە، کە بۆ دیکۆمێنتکردنی موزیک بەکاردەهێنران، مێژوەکەی بۆ سەدەی نۆیەم دەگەڕێتەوە". (Nelson, 2013, 1) لە سەدەی چواردەیەمەوە پێکهێنانی هێما موزیکییەکان قۆناغ بە قۆناغ فراوانتر دەکرێن و لە سەدەی حەڤدەهەمدا بە شێوەیەکی فەرمی دەچنە بواری جێبەجێکردنی سەرتاسەرییەوە. ئەم داهێنانانە بەردەوام بو لە گەشەکردن، هەتا لە سەدەی نۆزدەهەم سیستەمەکە جێگیربو لەو فۆرمەی کە ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێت. ستانداردکردنی سیستەمی نوسینی

موزیک، ڕێگەی بە نوسین و بڵاوکردنەوەی کتێبی میتۆدی پیانۆدا کە لە کۆتاییەکانی ١٩٠٠ ئامێرەکە گەشەی گەورە بەخۆوە ببینێت. (Bent et al, 2001, Grove music online)

## 4.1. پێناسەی میتۆد

وشەی مێتۆد، بەپێی پێناسەی هەردو فەرهەنگی کامبریج و مێریام بە واتای ڕێکارێک، شێوازێک، یان شێوازێکی سیستماتیکی دێت بۆ بەدیهێنانی شتێک. (Merriam, 2022, online)

زۆرجار میتۆد یەکسانە بەبەڵێنی ئەنجامە بەرهەمدارەکان، کە لە سیستەمێکی پەروەردەیی یەکگرتووەوە وەرگیراون. (Huang, 2007, 10) "لە جیهانی پەروەردەدا میتۆد بە واتای شێوازێکە بۆ فێرکردنی کەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێک، زۆرجاریش ئاماژەیە بۆ نیشاندانی کەسێک کە چۆن کارامەییەکی دیاریکراو ئەنجام بدات". (Uszler, Gordon and Mach, 1991, 339) لە موزیکدا دەتوانرێت میتۆد بە مانای کتێبی فێرکاری بەکاربهێنرێت، ڕێگەیەک بۆ فێرکردن یان نیشاندانی کەسێک چۆن ئامێرێک بژەنێت، یاخود زنجیرەیەکە لە کتێبی وانەی پلەدار لەسەر بابەتێکی دیاریکراو. (Sung, 2017, 22)

## 4.2. پێناسەی میتۆدی ئامێری پیانۆ

میتۆدی پیانۆ پێناسەی زۆری بۆ کراوە، لەم بارەوە ئەلبێرگۆ Albergo (1988, 4) دەڵێت: میتۆدی پیانۆ بۆ ئاماژەکردن بە زنجیرەیەک کتێبی وانە و کەرەستەی تەواوکەر بەکاردێت، کە بۆ دروستکردنی بەرنامەیەکی پلان بۆ دارێژراو نوسراوە بۆ خوێندنی پیانۆ.

ربضی (1916, 7) پێیوایە زۆرجار میتۆدەکانی فێرکردنی ژەنینی پیانۆ زنجیرەیەک کتێبی پەروەردەییە، کە بە زۆری لە بنەماکانی موزیکەوە دەستپێدەکات. بە پەرەسەندنی ئاستە جیاوازەکانی کارامەیی نمایشی تەکنیکیدا تێدەپەڕێت، هەروەها بۆ تەمەنێکی دیاریکراو دانراوە و کۆمەڵێک کتێبی پەروەردەیی لەخۆدەگرێت. وەک کتێبی تەواوکەری ڕاهێنانی دەنگی و تەکنیکی و تیۆری موزیک. هەروەها ئەزلەر Uszler ( 1991, 339) ئاماژە بەوەدەکات، کە "زۆربەی مامۆستایانی پیانۆی ئەمریکی میتۆدی پیانۆ بە مانای کتێبێکی پیانۆی سەرەتایی دەزانن، کە پێش ناساندنی پارچە ئاسانەکان لەلایەن نوسەرانەوە بەکارهاتوە، وەک: باخ، بیتهۆڤن، یان بارتۆک".

لە هەمان کاتدا کنێر Knerr (2006, 7) پێیوایە میتۆدەکانی پیانۆی سەرەتایی لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمی وانەکانی پیانۆدا دەخوێندرێن لەگەڵ زنجیرەیەک کتێبی بڵاوکراوە، کە دارێژراون بۆ یارمەتیدانی قوتابی بۆ پێشکەوتن بەبێ کێشە. لە ئاستەکانی یەکەمی خوێندنی پیانۆوە دەستپێدەکەن هەتا خوێندنی

دانراوە بنەڕەتییەکانی ئاستی سێیەم، ئاستی سێیەم بە واتای توانای پیانۆژەنێکی سەرەتایی دێت بۆ خوێندن و ژەنینی پارچەکانی دانراوە کلاسیکییە ئاسانەکان لەسەر بنەمای سیستەمی (ماگراث Magrath) بۆ ئاستەکانی ژەنینی ئامێری پیانۆ.

## 4.3. میتۆدە دەسپێکەکانی پیانۆ لە جیهان و هەرێمی کوردستان

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە نێویشیاندا هەرێمی کوردستان، میتۆدەکانی ئەوروپی و ژاپۆنی و ئەمریکی سەرچاوەی سەرەکین، کە مامۆستایانی پیانۆ بۆ قوتابییانی دەستپێک لێیان هەڵدەبژێرن.

لە جیهاندا میتۆدە ئەمریکییەکان زۆرترین هەمەڕەنگییان تێدایە و پێدەچێت تەحەدای میتۆدەکانی ئەوروپی بکەن، کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەک. لەنێویاندا میتۆدی فێردیناند بایر Ferdinand Beyer، کە لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا نوسراوە، وەک میتۆدێکی دەستپێک لە جیهاندا بۆ ئامێری پیانۆ بەکاردەهێنرێت و بۆ ماوەیەکی زۆر ناوبانگەکەی پاراستوە. دواتر لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەمدا لە ژاپۆن هەندێک میتۆد پەیدادەبن، کە لە ڕێگەی دروستکردنی فەلسەفەیەکی تایبەت بە ڕێگاکانی فێرکردنی ژەنینی پیانۆ و تاڕادەیەک خۆگونجاندن بو لەگەڵ لایەنە ڕۆژئاواییەکان. (Liang, 2004, 39)

لەگەڵ زۆری و هەمەچەشنەبونی قوتابخانە ئەوروپییەکان و وڵاتانی دیکە، کە بە ڕێبازەکانی فێربونی ژەنینی پیانۆ و بڵاوبونەوەی میتۆدەکانیان گرنگییان دەدا. لە بەرەو کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەشێک لەو میتۆدانە لە ڕێگەی شارەکانی بەغدا و موسڵ، وەک پێویستییەکی دامەزراوە موزیکییەکان هاتنە ناو هەرێمی کوردستان. ئەوەش بە ڕێگای کۆمەڵێک قوتابی کورد کە لە بەشی موزیکی پەیمانگە و کۆلێژی هونەرەجوانەکانی ئەو شارانە لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا بڕوانامەیان بەدەستهێنابو. دواتر دەبنە مامۆستای ئەم ئامێرە لە کۆلێژ و خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان و بەم ڕێگایە میتۆدەکان دەخەنە ناو ناوەند و دامەزراوەکانی خوێندنەوە.

بە ئامانجی نیشاندانی هەمو ئەم میتۆدانە و تایبەتمەدی و شێواز و فەلسەفەی تایبەت بە خۆیان، لە پێشکەشکردنی کەرستەی فێرکاری و پێشکەوتنی خێرای فێرخوازانی دەستپێک. لێرەدا بە پێویستی دەزانین، بەربڵاوترین میتۆدە جیهانییەکان و قوتابخانە جیاوازەکان بخەینە بەرباس. بەو پێیەی، کە بونەتە بناغەی خوێندن و فێربونی سیستماتیکی ئامێری پیانۆ.

## 4.4. یەکەم: میتۆدی ئەوروپی

زۆرێک لە شارەزا و مامۆستایان و توێژەران دەربارەی میتۆدە ئەوروپییەکان، ئەوە دوپاتدەکەنەوە کە جەختکردنەوە لەسەر تەکنیک و هەڵبژاردنی دانراوە کلاسیکییە جدییەکان لە خاسییەتە سەرەکییەکانی میتۆدی ئەوروپین.

شوبێرت Schubert (1992, 123) ئاماژە بەوە دەکات، کە میتۆدە ئەوروپییەکان جەخت لەسەر دانراوەی کلاسیکی پیانۆ دەکەنەوە و تەکنیکێکی بەهێز پەرەپێدەدەن لەڕێگەی ڕاهێنانی هونەری و ڕاهێنانە کردارییە تەکنیکییەکانەوە. ئامانجی کۆتایی ئەوەیە، کە بەخێرایی قوتابییەکی دەستپێک بەرەو ئاستی مامناوەند پێشبکەوێت. میتۆدە ئەوروپییەکان تەنها بۆ فێرخوازە جدییەکان و بە تواناکان باشە، ئەمەش بەهۆی نەبونی وێنە ڕونکەرەوەی ڕەنگی، نوسینی تیۆرەکان، چالاکییە داهێنەرەکان و دانراوی تەواوکەر لە میتۆدەکاندا. (Liang, 2004, 24)

لە بەناوبانگترین میتۆدەکانی ئەوروپی، میتۆدی بایر (Beyer)ە، بە ناوی قوتابخانەی ئامادەکاری لە ژەنینی پیانۆ Preparatory school in the piano playing. Op. 101 کە لە ساڵی ١٨٥٠ لەلایەن فردیناند بایر- Ferdinand Beyer نوسراوە.

## 4.5. دوەم: میتۆدی ژاپۆنی

لە ژاپۆنی پێش جەنگی جیهانی دوەم، بە تایبەتی میتۆدەکانی فردیناند بایر Ferdinand beyer و ئێرنست ڤان دی ڤێلد Ernest Van de Velde بە ناوی ڕۆز Rose بەکاردەهێنران. ئەم دو میتۆدە لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نزیکەی بەسەر تەواوی بواری پەروەردەیی پیانۆی ژاپۆنیدا زاڵبوبون. (DaDau, 1982, 242)

لە ساڵی 1948 کۆمەڵەیەکی موزیک بە ناوی "پۆلی موزیکی منداڵان" Children's Music Classroom دروستکرا کە لەلایەن کۆمەڵێک لە مامۆستا و موزیکناسەوە ڕێکخرا. خۆیان تەرخانکرد بۆ فێرکردنی موزیک و ئامێری پیانۆ بۆ منداڵان. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە، هەڵسەنگاندنی میتۆدی بایر Beyer بو کە بۆ ماوەی نیو سەدە بەکاریاندەهێنا.

ئەوان پێیان وابو، هەندێک کێشە دروست دەبن بۆ قوتابییە ژاپۆنییەکان لە تێگەیشتن لە ڕێنماییەکان و فێربونی هەمو مێلۆدییە ئەڵمانییەکاندا. لە ئەنجامدا ژاپۆنییەکان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی میتۆدی تایبەت بە خۆیان، کە سەرنجیان لەسەر چاندنی شێوازی کولتوری خۆیان بو لە فێرکردنی ژەنینی پیانۆدا. لەو کاتەوە زیاتر لە دەیان میتۆدی پیانۆ لە ژاپۆن بڵاوکراونەتەوە. (Li, 2004, 32)

لە بەناوبانگترین میتۆدەکانی ژاپۆنی میتۆدی (سوزوکی)یە، بە ناونیشانی:

Suzuki piano school volume 1: by Dr. Shinichi Suzuki قوتابخانەی سوزوکی بۆ پیانۆ بەرگی یەکەم. شینیچی سوزوکی Shinichi Suzuki ئەم میتۆدەی بە بەکارهێنانی "ڕێبازی زمانی دایک" mother tongue پەرەپێداوە و ناوی لێنا "زمانی دایک". بەو پێیەی هەمو منداڵان فێری زمانی دایک دەبن بە گوێگرتن و دوبارەکردنەوە، بە هەمان شێوەش دەتوانن فێری موزیک ببن. (Howe, 1995, 179)

## 4.6. سێیەم: میتۆدی ئەمەریکی

لە ئەمریکا مامۆستایانی پیانۆ لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستیان کرد بە پەرەپێدانی کتێبی میتۆدی پیانۆ. سەرەتا زۆربەی میتۆدنوسەکان، پیانۆژەنە لەدایکبوەکانی ئەوروپا بون و بەرهەمەکانیان لە ئەمریکا بڵاودەکرانەوە. بۆیە جیاوازییەکی ڕون لە نێوان ناوەڕۆکی میتۆدی ئەوروپی و ئەمریکیدا نەبو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ژەنینی پیانۆ لە ئەمریکا، بەردەوام لە پەرەسەندندا بو. لە ناویاندا زۆرێک لە گۆرانی فۆلکلۆری ئەمریکی لەخۆگرتبو. باوترین میتۆد لە ئەمریکا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کتێبەکانی Modern Course for the Piano هەروەها Teaching Little Fingers to Play بو، لە نوسینی جۆن تۆمسن John Thompson. ئەم دو کتێبە ئەوەندە بەناوبانگ بون، لە هەمو جیهاندا بەکاردەهێنران. (Navarro, 2021, 44)

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە، بە ئامانجی گەشەی زیاتر بۆ قوتابییان و مامۆستایان لە فێرکردنی ژەنینی پیانۆدا، بە دوای سەرچاوەی تردا گەڕان. لە ئەنجامی ئەم کارانەیان، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەگەنە ئاستی پێشەنگ. چونکە لە ناویاندا ئیتر وردەوردە گرنگییان بە پەرەسەندنی مێشک، فێرکردن لە تەمەنی منداڵی زو و تیۆرییەکانی فێربون ئەدا. لێرەوە میتۆدەکان گۆڕان بۆ کتێبی فێرکاری کە جەختیان لەسەر ڕێبازەکانی فێرکردن و فێربون دەکردەوە بە کارامەییەکی یەکگرتو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکانی خوێندنەوە، ڕیتم، تەکنیک، دانراوەکان و کارامەیی تەختە کلیل بە گشتی. هەروەها کوالیتی ئەزمونی فێربونی منداڵان لە ڕێگەی بەکارهێنانی گۆرانی فۆلکلۆری، لەلایەن نوسەرانی کتێبەکانی میتۆدەوە. ئەمانە هەمو پێکەوە بونە گەشەی زیاتر و دەوڵەمەندترکردنی میتۆدەکانیان. (Huang, 2007, 12-13)

بە یەکخستنی فێرکردن و فێربونی موزیک، گەشەی منداڵ و تیۆرە دەرونییەکان گەشەی زیاتریان کرد و بونە ستانداردێک بۆ کەرەستەی پەروەردەیی، کە کاریگەرییان لەسەر فەلسەفەی بنیاتنانی میتۆدی پیانۆدا هەبو. کتێبەکانی میتۆدی پیانۆی ئەمریکی بنەماکانی موزیکییان بەشێوەیەکی گونجاو پێشکەشکردوە، شان

بەشانی چەندین موزیکی هەمەجۆر بۆ دڵنیابون لە چێژوەرگرتن لە ژەنین. ئەم میتۆدانە بە بەراورد لەگەڵ میتۆدە ئەوروپییەکان، ڕێکوپێکتر و سەرنجڕاکێشترن. بەڵام بەزۆری، تیمپۆی خێراییان لەسەرخۆ و بابەتەکان زۆر دوبارەدەبنەوە. فەلسەفەی میتۆدی ئەمریکی بە پەرەسەندنی مێشک و پەروەردەی دەرونی بەستراونەتەوە. بۆ ئەوەی فێرخوازان بێزار نەبن و بە ئاسانی وازنەهێنن. ( Uszler, Gordon and Mach, 1991, 352)

ئەم میتۆدانە وایانکرد، کە فێربونی ژەنینی پیانۆ چێژبەخشتر بن و بۆ ئاسانکاری زیاتری فێرخواز، گۆرانی و وێنەی ڕونکەرەوەی سەرنجڕاکێشیشی لەخۆگرتبو. هەر لە میتۆدەکانی جۆن تۆمسۆنەوە کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە، هەتاکو سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک، هەتا ئێستاش لە پەرەسەندن بەردەوامن. بۆیە ئەو ماوەیەی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٥ بە "سەردەمی زێڕینی پیانۆ" ناودەبرێت.

### تایبەتمەندییە گشتییەکانی میتۆدە دەستپێکەکانی ئەمریکی

أ- پەرەپێدانی ڕێبازەکانی خوێندنەوە لە میتۆدەکان بە ئامانجی لەناوبردنی نەخوێندەواری موزیک، ئەمەش لە چەند ڕێبازێکی خوێندنەوە پێکدێت:

١. ڕێبازی خوێندنەوەی دۆی ناوەڕاست Middle C Reading Approach

٢. ڕێبازی خوێندنەوەی فرە کلیل Multi-Key Reading Approach

٣. ڕێبازی فرە کلیل وردە وردە Gradual Multi-Key Approach

٤. ڕێبازی خوێندنەوەی میانەیی Intervallic Reading Approach

٥. ڕێبازی خوێندنەوەی تێکەڵ و جۆراوجۆر Eclectic Reading Approach

ب - بڵاوکردنەوەی کتێب و بابەتە تەواوکەرەکان.

ج - شێوازی جۆراوجۆر لە دانراوەکان وەک: کلاسیک، فۆلکلۆر، پۆپ، جاز.

د - بەکاهێنانی نیشانەکانی دەربڕین. (Liang, 2004, 40)

### 4.7. بەکارهێنانی گۆرانی لە میتۆدە دەستپێکەکان

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە چەندین گۆڕانکاری لە وڵاتە جیاوازەکان دەستپێکرد بۆ پاراستنی میرات و کەلەپوری کولتوری موزیکی، بۆ ئەوەی بکرێتە بنەمای کەرەستەی پەروەردەیی.

زۆرێک لەم گۆڕانکاریانە لەسەر دەستی بەناوبانگترین پەروەردەکارانی موزیک لە جیهان ڕویاندا، ئەوانەش بریتین لە: زۆڵتان کۆدالی Zoltán Kodály لە هەنگاریا، کارل ئۆرف Carl Orff لە ئەڵمانیا، شینیچی سوزوکی Shinichi Suzuki لە ژاپۆن، ڤیلا لۆبۆس Villa Lopos لە بەرازیل. ئەوان ڕێگا و شێوازەکانیان لە فێرکردنی موزیک، میتۆدەکانیان لەسەر بنەمای فێرکردنی منداڵان بە بەکارهێنانی زمانی دایک، موزیکی فۆلکلۆری وڵاتەکەیان دامەزراند. هەروەها لە پرۆسەی چاکسازی پەروەردە و فێرکردن، نەک تەنها لەسەر ئاستی سەرەتایی، بەڵکو لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاشدا سەرکەوتوبون. (Ayderova, Yi and Wong, 2017, 268)

لەم بارەیەوە کۆدالی Kodály لە وتارێکدا بە ناوی Children's Choruses ڕایدەگەیەنێ، کە "دەبێت موزیکی فۆلکلۆری هەنگاریا ببێتە زمانی دایکی موزیکی منداڵانی هەنگاریا. تەنها دوای بەدەستهێنانی موزیکی زمانی دایک، منداڵ دەتوانێت ڕو لە ماددە و بابەتی موزیکی بیانی بکات". (Murphy, Rickard, Gill, & Grimmett, 2011, 294) هەردو دانەر (کۆدالی و بارتۆک) لەو باوەڕەدان، کە موزیکی فۆلکلۆر و باو کاریگەرییەکی گەورەی گۆڕانکاری دەبێت لەسەر موزیک لەو وڵاتانەی کە نەریتی موزیکییان کەمە یان هیچیان نییە. شینیچی سوزوکیش پێیوایە بە بەکارهێنانی زمانی دایکی منداڵان، پرۆسەی فێربون دەتوانێت خۆراک بە ژینگەیەکی باشدا ببەخشێت، کە تێیدا فێربون بێگومان ئاسانتر و خێراتر دەبێت. (Song, 2011, p.10)

هەر لەو چوارچێوەیەشدا، پاراکیڵس ئەمە دوپات دەکاتەوە، کە "موزیکی کەلەپور سەرچاوەی سەرەکی موزیکی نەتەوەییە، لە کاتی فێرکردنی منداڵ بە بنەما و بناغە نەتەوەییەکان لە تەمەنی زودا. ئەو کات توانا و ئەدای موزیکییان بەشێوەیەکی سروشتی گەشەدەکات، هەروەک چۆن زمانی دایکییان گەشە دەکات. (Parakilas, 1995, 446)

ئەم بیرۆکەیە بۆ زۆرێک لە پەروەردەکاران و نوسەران بۆ نوسینی کتێبی پەروەردەیی ئیلهامبەخش بو. هەروەها هانی زۆرێک لە دانەرانی موزیکیدا، بۆ ئەوەی کتێبی پەروەردەیی، میتۆد، پارچە موزیکی فێرکاری و کاری هونەری جۆراوجۆر بنوسن، کە ئیلهامیان لە موزیکی کەلەپوری وەرگرتوە. میتۆدەکانی پیانۆی وڵاتان بە گشتی و ئەمەریکی بە تایبەتی. گرینگییەکی زۆریاندا بەم لایەنە و بونە هاندان کە دەیان میتۆدی ناودار و سەرکەوتو لە جیهاندا بڵاوببنەوە گرنگترینیان پێکهاتون لە:

- John Thompson's Modern Course for The Piano
- John W. Schaum Piano Course

- Bastien Piano Library
- Alfred’s Basic Piano Library
- Piano Adventures
- The Music Tree- Piano Discoveries
- Melody Adventures

له لایەکی ترەوە چەندین ئاوازدانەری بەناوبانگی پیانۆ گۆرانی فۆلکلۆری خۆیان بۆ فێرکردنی ژەنینی پیانۆ بەکارهێناوە. ئەمەش لەژێر ناونیشانی "بۆ منداڵان" له بەرگێک یان له چەند بەرگێکدا بەکارهاتوە، گرینگترینیان:

میتۆدی دەستپێکی ژەنینی پیانۆیە کە لەلایەن ئاوازدانەری هەنگاری بێلە بارتۆک Béla Bartók لەژێر ناونیشانی Mikrokosmos ئامادەکراوە و لە شەش بەرگ پێکهاتوە. لە ناویاندا کۆمەڵێک مێلۆدی و گۆرانی فۆلکلۆری هەنگاری لەخۆدەگرێت، کە دانراون لە ئاسانەوە بۆ قورس. بارتۆک لەم کۆمەڵە کارەیدا نیشانیدەدات، کە چۆن دەتوانرێت فێربونی پیانۆ وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی لێکبدرێتەوە. ( Ceylan, 2010, 1-4) هەروەها ئاوازدانەری بەناوبانگی بەرازیلی ڤیلا لۆبۆس Villa Lopos، هەڵسا بە داڕشتنەوەی (١٣٧) گۆرانی فۆلکلۆری بۆ ئامێری پیانۆ. ئەم هەڵبژاردنانە بە ناونیشانی ڕێبەری پراکتیکی Guia Prático لە نێوان سالآنی (1932-1948)دا بڵاوکراونەتەوە. لۆبۆس ڕایدەگەینێ، کە ڕاهێنانکردن لەسەر موزیک و گۆرانی کەلەپوری، ڕێز و بەها بۆ کولتور و موزیکە نەریتییە جیاوازەکان لەلای منداڵان بەرزدەکاتەوە. (Ayderova, Yi and Wong, 2017, 268)

هەروەها بەرهەمی ئاوازدانەری ئەڵمانی ڕۆبەرت شومان R.Schumann بە ناونیشانی بۆ گەنجان دەهێنینەوە یاد. بەدوایدا، کاری پیتەر ئیلیتش تشایکۆفسکی P.I.Tchaikovsky (٥٠) گۆرانی فۆلکلۆری ڕوسی بۆ گەنجان، بۆ فێرکردنی پیانۆ نوسراوە. (٢٥) گۆرانی و سەمای نەرویجی و گۆرانی فۆلکلۆر لەلایەن ئێدوارد گریگ Edvard Grieg. هەروەها (٢٤) پارچەی ئاسان بۆ منداڵان، لەلایەن ئاوازدانەری ئەرمەنی ئارام خاچاتۆریان A.Khachaturian، پاشان، شەست پارچە پیانۆی ئاسان بۆ کەسانی دەستپێک لە دانانی گێدیک A. Gedike و چەندین موزیک دانەریتر. (Ceylan, 2010, 105)

ئەم گۆرانی و مێلۆدیانە وەک پارچە و ڕاهێنان بەکارهێنراون، بە ئامانجی هاندان و نزیکبونەوە لە ژینگەیەکی لۆکاڵی تایبەت بە مۆرک و کەلتوری قوتابی. بێگومان ئەم گۆرانی و مێلۆدیانە تایبەتن بە کەلتوری خاوەن دانەر و نوسەری ئەم میتۆدانە، کە بۆ ڕۆڵەکانیان شیاوە. بۆیە بنەمایەکی بەهێز بۆ پێشکەوتنی

موزیک دەرەخسێنێ و ئەنجامی بەرهەمدار دەبێت. سیرین Ceren (2007, 96) ڕای وایە، کە"دەتوانرێت فێرخوازەکان بە ئاسانی هانبدرێن کاتێک ئەو میلۆدیانە دەژەنن، کە پێشتر دەیزانن. بۆیە پێویستە وا لە قوتابییان بکرێت لە ڕێگەی ڕاهێنانی ئامێرەکاندا، میلۆدییە ڕەسەن و باوەکانی کەلتوری خۆیان بناسن".

شایەنی باسە، بەکارهێنانی گۆرانی لە پرۆسەی فێرکردنی ئامێرە موزیکییەکاندا بە گشتی و ئامێری پیانۆ بە تایبەتی. پێویستی بە هاوکاری شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم ئامێرە و موزیکنوسەکان هەیە، بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجامبدرێت. چونکە مەرج نییە هەمو مامۆستایانی ئامێری پیانۆ موزیکنوس بن، یان توانای ئامادەکردن و داڕشتنەوەی موزیکییان هەبێت. بۆیە دەبێت ئەو کارانە بە هاوبەشی لەگەڵ موزیکنوساندا ئەنجامبدرێن و ئامادەبکرێن بۆ ئاستە جیاجیاکانی خوێندن. ئەمەش بە ڕەچاوکردن و پەیڕەوکردنی تەکنیکە جیاجیاکانی ئەو ئامێرە بە پێی ئاستەکان.

## 5. چوارچێوەی کرداری:

### 5.1. بەجێهێنانی توێژینەوە

پێکهاتوە لە نیشاندان و شیکرنەوەی نمونەکانی توێژینەوەکە. هەروەها نمونەکانی گۆرانی کوردی، کە بەکارهاتوە لە میتۆدی دەستپێک بۆ ئامێری پیانۆ.

بەپێی ئەزمونی چەند ساڵەی وانەوتنەوەمان لەسەر ئامێری پیانۆ لە زانکۆ، ئەم دو پارچەیە لەم پرۆژەیەدا خستومانەتەڕو. بە گونجاو دەزانین بۆ ئەو فێرخوازانەی کتێبی دەستپێکی میتۆدی ڕۆلاند .Alfred E. Roland دەخوێنن، کە لە بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە زانکۆی سەلاحەددین پەیڕەودەکرێت.

نمونەی پارچە موزیکەکان لە ئاسانەوە بۆ قورس ڕێزکراوە، ئەمەش بەپێی سەختی تەکنیک، کێش، کلیل، خێرایی تیمپۆ، هەروەها درێژی پارچەکە. شایەنی باسە، کە هەر پارچە موزیکێک لە نمونەکان چەمک و ئامانجی فێرکاری تایبەت بەخۆی خراوەتە ڕو. جگە لەمانەش، بۆ هەر یەک لە پارچە موزیکەکان شیکردنەوە لەڕوی: ڕێبازی خوێندنەوە، پەیژە، ژمارەی پەنجە، خێرایی تیمپۆ، دینامیک، تەکنیک، گۆڕانکاری لە میلۆدی، شێوازی یاوەرییە هارمۆنیەکەی تیایاندا کراوە و بە هێماکانی موزیک نیشاندراون.

لە داڕشتنەوەی گۆرانییەکان وەک پارچە موزیکێکی فێرکاری، توێژەر شێوازی کلاسیکی بەکارهێناوە. لێرەدا مەبەستمان لە شێوازی موزیکی کلاسیک پابەندبونە بە ڕێزمان و بنەما و یاساکانی داڕشتن و بەکارهێنانی هاڕمۆنی سەردەمی کلاسیک لە ماوەی نێوان ساڵانی. (١٧٥٠ – ١٨٣٠) گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە:

- چنین Texture: زۆربەی موزیکی کلاسیک پشت بە چنینی هۆمۆفۆنی دەبەستێت. هارمۆنی لە خزمەت میلۆدییە.
- کۆتایی باسی بەردەوام Basso Continuo.
- ڕیتم Rhythm: هەمەجۆری لە شێوازەکانی ڕیتم.
- داینامیک: بەکارهێنانی گۆڕانی دینامیکی.
- میلۆدی: زۆرجار میلۆدییەکی هاوسەنگ و لێکچوی هەیە.
- گۆڕانکاری وەردە وردە، یاخود لەناکاو لە مەزاجەکان.
- گەورەبونی قەبارەی ئۆرکێستراکان و پەرەسەندن و جێگیر بونی زۆرێک لە فۆڕمە موزیکییەکانی بەخۆیەوە بینی. (Kamen, 1998, 149)

هەروەها وەک پرنسیپێکی میتۆدی دەستپێک، توێژەر هەوڵیداوە میلۆدی گۆرانییەکان وەک خۆی بمێنێتەوە. چونکە، دەبێت میلۆدییەکان وەک خۆی بچێتە گوێچکەی فێرخوازەکان، کە ئەمەش ئامانجی پرۆژەکەیە. بە هۆی دەستکارینەکردنی میلۆدی گۆرانییەکان، فۆرمی پارچە موزیکییە فێرکارییەکان یەک بەشن، بە فۆرمێکی ئازاد ئامادەکراوە نزیکە لە فۆرمی پریلۆد. چونکە پریلۆد ژانرێکی ئامێرییە و بە زۆری وەک پێشەکی پارچە موزیکێک بەکاردەهێنرێت. "پریلود ئازادییەکی تەواوی هەیە لە داڕشتندا، هیچ یاسایەک نییە فۆرم و پێکهاتەکەی دەستنیشان بکات، بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە، وەک ناوێکی گشتی، واتە پارچەی بچوکی موزیکی ئامێری". (دیڤی، ٢٠٠٠، ٢٠٥)

لەڕوی پێکهاتەوە،"فۆرمی یەک بەشی بە یەکێک لە ساکارترین و کورترین فۆرمی موزیکی ئامێری دادەنرێت". (فەرەج، ٢٠٠٥، ١٣٩) ئەم شێوە فۆرمە لە دوبارەکردنەوەی یەک بابەت پێکهاتوە کە بەزمانی موزیکی پێیدەوترێت بابەتی (A). (ئازید، ٢٠١٦، ٢٩٠) یاخود ناسراوە بە فۆرمی سترۆفیک Strophic، هەروەها بە فۆڕمی گۆرانی ناودەبرێت. بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەی (AAA)ە یەک بابەتە بەبێ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ دوبارە دەبێتەوە. (joshuarosspiano.com)

لە دەستی چەپدا، توێژەر بۆ هەر پارچەیەک یاوەرییەکی جیاواز بە مەبەستی فێرکاری بەکارهێناوە. جێی ئاماژەیە کە بە هۆی تایبەتمەندی ئامێری پیانۆ، ئەو گۆرانییانە بەکارهاتوە کە لە میانی میلۆدی گۆرانییەکان چارەگە تۆنیان تێدا نییە.

## 5.2. نمونەی یەکەم: ناوی گۆرانی (بۆ دەڕۆی) بۆ ئامێری پیانۆ

هۆنراوە و ئاوازی: فۆلكلۆر

ئامادەكردنی موزیک: وریا احمد

بەجێهێنانی گۆرانییەكە: گۆرانیبێژ نیزام شوكر

لە ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن تیپی هونەری هەولێر بۆ تەلەفزیونی كەركوک تۆماركراوە (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٤٠).

هۆنراوەی گۆرانی: (بۆ دەڕۆی)

بۆ دەڕۆی ئەی نازەنیم بۆ دەڕۆی

بۆ دەڕۆی كەوی نەخشینم بۆ دەڕۆی

مودەتێكە كە ناتبینم بۆ دەڕۆی

***

غەرقی چۆمی عیشقی تۆمە بۆ دەڕۆی

بۆیە هاوار و رۆرۆمە بۆ دەڕۆی

مەڵێ شێتە شێتی تۆمە بۆ دەڕۆی

***

هەمو رۆژی لای بەیانی بۆ دەڕۆی

كە دەڕوانمە مەحمود كانی بۆ دەڕۆی

نابیم خاڵی لێوانی بۆ دەڕۆی

***

چاوت ئەستێرەی دەریازی بۆ دەڕۆی

هەڵیان دێنی چەند بەنازی بۆ دەڕۆی

بە كوشتنم ئاوات خوازی بۆ دەڕۆی

### 5.2.1. نمونەی نۆتەی گۆرانی (بۆ دەڕۆی) بۆ ئامێری پیانۆ




### 5.2.2. چەمک و ئامانجە فێرکارییەکان:

تەکنیک و داینامیک: ناسینی زاراوەی Allegro تیمپۆ یاخود خێرایی پارچە موزیکەکە دیاریدەکات و یەکێکە لە ئامرازەکانی دەربرینی موزیک. هەروەها ناسین و بەجێهێنانی نیشانەی (f) و (mf) لە بارەکانی (١، ٧)دا. بەجێهێنانی تەکنیکی Legato لە بارەکانی (١، ٣، ٤، ٦، ٧، ٩، ١٠، ١٢)دا هاتوە. نیشاندان و جێبەجێکردنی نیشانەی گەڕانەوە لە باری (١٢). ناسینی کێشی $^{6}_{8}$، کێشی لێکدراو Compound Time.

### 5.2.3. شیکردنەوەی نمونەی یەکەم: (بۆ دەڕۆی) بۆ ئامێری پیانۆ

- ڕێبازی خوێندنەوەی پارچە موزیکەکە (C Position)، شوێن دەستی ڕاست (C5) دەستی چەپ (C3)یە.
- پەیژەی: دۆی گەورە CM
- خێرایی Tempo: Allegro
- درێژی بنیاتنان ١٢ بار.

- ژمارەی پەنجەکان: لە دەستی ڕاست ژمارەی پەنجەکانی (١،٢،٣،٤) بەکارهاتوە. لە دەستی چەپ ژمارەی پەنجەکانی (١،٢،٣،٤،٥) بەکارهاتوە. وەک لە نمونەی نۆتەکەدا هاتوە، بۆ دەستە ڕاست و چەپ ژمارەی پەنجەکان دانراوە.
- هارمۆنی: دیاتۆنیک هارمۆنی، چنین: هۆمۆفۆنی Homophonyیە. بۆ یاوەری دەستی چەپ شێوازی یاوەری (هەڵوەشاوە Broken chord)، لە سەرەتاوە باری (١) تا کۆتایی باری (١٢) بە دو لە کۆردە سەرەکییەکانی پەیژەی CM، کە پێکدێت لە پلەی یەکەم Tonic و پێنجەم Dominant ( I, V) بەکارهاتوە. واتە پلەی چوارەم Subdominant (IV) بەکارنەهاتوە. وەک لە نمونەی (١٢)دا نیشاندراوە.

نمونەی (١٢) کۆڕدە سەرەکییەکان




- گۆڕانکاری لە میلۆدی سەرەکی: بەهیچ شێوەیەک گۆڕانکاری نەکراوە. میانەی ئاواز لە (C5) نزمترین دەنگ بۆ (F5)، کە کۆی میانەی ئاوازەکە لە)پێنجی تەواو Perfect fifth) پێکدێت. میانەی دەستپێک دوانی (گەورە M2nd)یە لە (C5) بۆ (D5) سەرچون، هەروەها میانەی کۆتایی ئاوازەکە بەهەمان شێوە دوانی (گەورە M2nd)یە لە (D5) بۆ (C5) خوارچون. پازدانی دەنگی بە میانەی)سێی بچوک m3rd) لە بارەکانی (٣، ٦)، هەروەها پازدانی دەنگی بە میانەی (سێی گەورە M3rd) لە بارەکانی (٧، ٩ ، ١٠، ١٢)دا کراوە.

## 5.3. نمونەی دوەم: ناوی گۆرانی (یارم لە هەوارییە) بۆ چوار دەستی پیانۆ

هۆنراوە و ئاوازی: فۆلکلۆر

ئامادەکردنی موزیک: وریا احمد

بەجێهێنانی گۆرانییەکە: گۆرانیبێژ عوسمان حسێن

لەساڵی ١٩٨٣ لەلایەن تیپی هونەری هەولێر بۆ تەلەفزیونی کەرکوک تۆمارکراوە (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٣٦-٣٧).

هۆنراوەی گۆرانی: (یارم لە هەوارییە)

یارم لە هەوارییە

وەختی کۆچ و بارییە

گیانە باران دەبارێ

وەڵلا نمنم و تەرزە

چی بڵێم لە دەنگی بولبول

وەڵلا گوڵ دێتە لەرزە

گیانە شاری هەولێرم

وەڵلا کوێستان هاوینە

بەخوا چوار دەوری شارم

چ بڵێم لالە و نەسرینە

یارم دی لەڕێی کانی

سبحەینێ زو بەیانی

گۆزەی خستە سەر شانی


کوشتمی بە چاوی جوانی

لەم نمونەیەدا بەکارهێنانی گۆرانی (یارم لە هەوارییە) بۆ چوار دەستی پیانۆ Four Hands نوسراوە، کە لە میتۆدە نوێ و هاوچەرخەکاندا گرنگی بەم جۆرە داڕشتنە موزیکییە دەدرێت بەمەبەستی فێرکاری و پەروەردەیی.

ئەم پارچە موزیکە، کە بۆ چوار دەست نوسراوە، دو کەس لەسەر یەک پیانۆ پارچە موزیکەکە بەجێدەهێنن، ئەوەش تێییدا چوار دەست بەکاردێت، ژەنیاری یەکەم لە لای ڕاستی پیانۆکە دادەنیشێت

پێیدەوترێ Primo (یەکەم)، کە زۆربەی کات ژەنینی بەشی میلۆدی لە لای ئەم ژەنیارەیە. ژەنیاری دووەمیش لە لای چەپی پیانۆکەوە دادەنیشێت پێیدەوترێ Secondo (دووەم). ژەنینی یاوەری ڕیتمی و هارمۆنی لەلای ئەم ژەنیارەیە. شوێنی دەست دانانیان و نۆتە نوسینەوە لە نمونەی (١١) نیشاندراوە.

نمونەی (١١) شوێن دەستی چوار دەستی پیانۆ




چوار دەستیی بۆ ئامێری پیانۆ سێ جۆری سەرەکی هەیە:

١- بە مەبەستی پەروەردەیی و فێرکاری دادەنرێت یاخود دادەرێژرێت. ئەمەش گونجاوە بۆ فێرخوازە دەستپێکەکان، بە ئامانجی هاندان و گەیشتن بە ئاستێکی باشتر لە بەجێهێنان.


٢- دانراوەیەکی موزیکی کە بۆ ئامێرێک یان، بۆ ئۆرکسترا نوسراوە، بەم شێوەیە دارشتنەوەی نوێی بۆ دەکرێت بۆ چوار دەستیی لەسەر پیانۆ.

٣- دانراوە موزیکەکە هەر لە بنەڕەتدا بۆ چوار دەست دەنوسرێتەوە، ئەمەش بۆ دەربڕینی جوانی و داهێنان و جۆراوجۆری کردنی ئامادەکردنەکەیە، کە تێیدا ڕۆڵی ژەنیارەکان وەک یەک دەبێت گرنگە دەرکەون.

### 5.3.1. نمونەی نۆتەی گۆرانی (یارم لە هەوارییە) بۆ چوار دەستی پیانۆ


Score
یـــارم لـه هەواریــیـه
Piano four hands
Allegro ♩ = 120
Kurdish Folk Song
Arr: Ahmed N.Taha
Piano 1
Piano 2
Dm:
Pno. 1
Pno. 2


2
یـــارم لـه هەواریــیـه
Pno. 1
Pno. 2
Dm: I
V
V I
V I
I
I V



یـــارم لە هەواریـــیە
3
(8va)
Pno. 1
Pno. 2
I I I I
I I V I I V7




4
یـــارم لە هەواریـــیە
(8va)
Pno. 1
Pno. 2
Dm: I IV I IV IV/Gm6
f




### 5.3.2. چەمک و ئامانجە فێرکارییەکان: تایبەت بە ( primo–piano 1)

لە باری یەکەم نیشانەی ئۆکتاف (Octave Sign) بەکارهاتوە، کە بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوەی نۆتە بەرزەکان بەکاردێت. نیشانەکانی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوە (دیێز و بیمۆڵ) بەکارهاتوە. بێگومان تاقیکردنەوەی ژەنین لە شوێن دەستی بەرز بۆ فێرخوازانی دەستپێک دەبێتە ئەزمونێکی بە چێژ و جیاواز. چونکە فێرخوازانی ئەم ئاستە بە زۆری لە ناوەڕاستی پیانۆ دەستیان دادەنێن.

تەکنیک و داینامیک: ناسین و بەجێهێنانی نیشانەکانی (p) و (mf) و (f) و (ff) بە گشتی و ( crescendo < –) لە بارەکانی (٥ تا ٨)، و نیشانەی (> – Diminuendo) لە باری (١٣) دا هاتوە. لە زۆربەی بارەکان بەجێهێنانی تەکنیکی Legato بەکارهاتوە. نیشاندان و جێبەجێکردنی نیشانەی گەڕانەوە لە بارەکانی (٥، ٩، ٢٦، ٣٠)دا هاتوە. هەروەها نیشانەی سینیۆ Segno بەکارهاتوە بۆ گەڕانەوە لە باری (٢٩) بۆ باری (٥).

کێش: $^2{}_4$، کێشی سادە (Simple Time).


لەم پارچەیەدا فێرخواز لە زۆربەی بارەکان بە دو دەست هەمان میلۆدی دەژەنێ، تەنها لە بارەکانی (٩–١٢) و (٣٤–٣٧) دا بە شێوەیەکی زۆر ئاسان نۆتەی جیاواز بە دەستی چەپ دەژەنێت.

### 5.3.3. شیکردنەوەی نمونەی دوەم: (یارم لە هەوارییە) بۆ چوار دەستی پیانۆ

- ڕێبازی خوێندنەوەی فرە کلیل Multi-Key Reading Approach، شوێن دەستی ڕاست (D6) دەستی چەپ (D5)یە.
- پەیژەی ڕێی بچوکە(Dm).
- خێرایی (Tempo): Allegro

- درێژی بنیاتنان ٣٨ بار.
- ژمارەی پەنجەکان: لە دەستی ڕاست ژمارەی پەنجەکانی (١-٥) بەکارهاتوە. لە دەستی چەپ ژمارەی پەنجەکانی (١، ٢، ٣) بەکارهاتوە.
- هارمۆنی: دیاتۆنیک هاڕمۆنی، چنین هۆمۆفۆنی Homophony یە، شێوازی هارمۆنی کلاسیکە. لە بەشی ژەنینی مامۆستا، یاخود (Piano 2) واتە (Secondo)دا، کۆردە سەرەکیان ( Dm, Gm, AM) بە شێوازی یاوەری ڕیتمی دوبارە بوەوە (Blocked chord)، لە باڕی (٩-١٢)، هەروەها لە باڕی (٢٦-٢٩) بەکارهاتوە، لە نمونەی (١٣) نیشاندراوە.

نمونەی (١٣) کۆڕدە سەرەکییەکان




- گۆڕانکاری لە میلۆدی: بەهیچ شێوەیەک گۆڕانکاری نەکراوە. مەودای دەنگی ئاوازە سەرەکییەکە نزمترین دەنگ لە ($B^b4$)ە، بەرزترین دەنگ لە (E5)ە، کە کۆی مەودای ئاوازەکە لە چواری تریتۆن (Tritone) پێکدێت. میانەی دەستپێک (perfect unison)ە لە دەنگی (D5)، هەروەها میانەی کۆتایی ئاوازەکە سیانی (بچوک M3rd)ە لە (D5) بۆ ($B^b4$) خوارچون.

### 5.4. ئەنجامی توێژینەوە:

لە ناو چوارچێوەیەکی تیۆرییدا، گرنگی بەکارهێنانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لە میتۆدەکانی پیانۆ بەدیارکەوت. نمونەی فێرکاری ژمارەیەک لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان خرانەڕو، کە سودیان لەم چەمکە وەرگرتوە بۆ داڕشتنەوەی گۆرانییە میللییەکانیان بۆ ئامێری پیانۆ و بەکاریانهێناوە وەک دەستکەوتێک لە وانەوتنەوەدا.

ژەنینی گۆرانییە باو و ناسراوەکان لەسەر ئامێری پیانۆ، دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشان و هاندانی فێرخواز. هەروەها دەبێتە پاراستنی بەشێک لە کەلەپوری گۆرانی کوردی و بەهێزکردنی ناسنامەی کەلتوری و ئاشناکردنی فێرخوازانی پیانۆ بە گۆرانی کوردی. وەک پرەنسیپێکی نوێ و هاوچەرخ لە خوێندن و فێرکردنی ئامێرە موزیکییەکان، گۆرانییە فۆلکلۆر و میللی و باوەکان، بە توخمە سەرەکییەکانی ناوەڕۆکی

بابەتە موزیکییەکان لە میتۆدە فێرکارییەکان دادەنرێت. لە چوارچێوەی کرداری توێژینەوەکە و بە بەکارهێنانی گۆرانییە کوردییەکان لەسەر شێوەی ڕاهێنان و پارچەی موزیکی خرانەڕو، کە میلۆدی گۆرانی کوردی هەوێن و بنەمایەکی بەهادارە. دەتوانرێت کاری قورس و گران تر بۆ ئاستی بەرزتر بەکاربهێنرێت، هەروەها نیشانماندا کە گۆرانی کوردی زۆر شیاو و گونجاوە بۆ داڕشتن و بەکارهێنانیان لە پرۆسەی فێرکردنی ئامێری پیانۆدا. ئەم دو پارچە موزیکە فێرکارییەی نمایشکران، هەوڵێکی کردارییە بۆ بەردەستکردنی نمونەی نۆتەی ئامێری پیانۆ، کە هەوێن و بنەمای هونەرییان گۆرانی کوردییە و هەنگاوێکی دەستپێکە، بۆ ئەوەی بابەتی لەم جۆرە و لە ئاستی باڵاتر بخرێتە نێو بەرنامەی خوێندن. بە بەجێهێنانی نمونەکان لەسەر ئامێری پیانۆ، لایەنێکی تری جوانی گۆرانییە کوردییەکان بەدیاردەخات. ئەویش گۆڕانی ڕەنگی میلۆدییەکانە بە دەنگە هارمۆنییەکەی ئەم ئامێرە. ئەم کردارەش فاکتەرێکی بەهێز و سودبەخشە بۆ سەر بیری موزیکیی فێرخواز.

## 5.5. ڕاسپاردەکان:

- پێویستە فێرخوازانی ئامێری پیانۆ لە کۆلێژ و پەیمانگەکان، ئەم جۆرە گۆرانییانە بژەنن، بۆ ئەوەی جیاوازی و شارەزایی لە نێوان کەلتورەکاندا بکەن.
- بۆ پێشخستنی پرۆگرامی فێرکردنی ئامێری پیانۆ، ئەو نمونانەی لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕو، بە سەرەتایەک دابنرێن.
- توێژینەوەی میتۆد و پارچەی موزیکیی بۆ ئاستی بەرزتر بۆ فێرخوازانی ئامێری پیانۆ ئامادەبکرێت.
- بۆ داڕشتنەوەی گۆرانییە کوردییەکان وەک پارچە و ڕاهێنانی فێرکاری، مامۆستایانی پیانۆ و مامۆستایانی ئامێرەکانی تر بە گشتی. پێویستە بە هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆڕە جیاجیاکانی موزیک، وەک پڕۆژەیەکی نەتەوەیی هاوشێوەی ئەم کارە بۆ ئاستەکانی تر و ئامێرەکانی تر ئەنجامبدەن.
- گۆرانییە کوردییەکان لە سەر فۆرمە جیاوازەکان، وەک فۆرمی سۆناتە ئامادەبکرێن. بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی ڕستە و مۆتیڤە موزیکییە کوردییەکان لە ناو قاڵبی سۆناتەدا.
- لەبەر گرنگی ئامێری پیانۆ لە پەروەردە و فێرکردن بە گشتی و پەروەردەی موزیک بەتایبەتی. پێویستە ئامێری پیانۆ لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا بخوێندرێت و منداڵان بە گۆرانی کوردی ئاشنا بکرێن. بۆ ئەوەی پڕۆژەی تایبەت بە منداڵان ئەنجامبدرێت.

# Using Kurdish Songs in the Piano Method

**Ahmed Nuradeen Taha[1] - Ehsan Shaker Zalzala[2] - Nareman Abdulla Kareem[3]**

[1+3]Department of Music, College of fine arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Music, College of Fine Arts, Baghdad University, Baghdad, Iraq.

## Abstract

The nations of the world have paid attention to preserve their musical heritage in many fields, including education system and teaching music, and have used their musical heritage in their educational music programs, including the method of playing the piano which is the main aim of this research. Some of music composers have used popular and famous songs as an educational approach to teach the piano. Therefore, the researcher has selected some examples of famous Kurdish songs and used them for the beginner level. "Using Kurdish Songs in the Piano Method" is the combination of Kurdish song heritage with a very important instrument of music, which has a very important and influential role in the art of music in general, in the process of music education in particular. In this regard, this study uses Kurdish song heritage as an educational model for piano playing at the beginning level for adults.

Many studies confirm that pieces of music and exercises that use the melodies of traditional and popular songs are the best teaching materials for teaching music. It also helps music learners to know their music heritage and it can strengthen their cultural identity as well.

**Keywords:** Kurdish Song, Piano Method, Piano, Music Education.

## 5.6. سەرچاوەکان

ئازيد، جەليل (٢٠١٦). تيۆری موزيک، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی يەکەم، هەولێر.

ئەحمەد، وريا (٢٠٠٨). تەميرە، دەزگای موزيک و کەلەپوری کورد زنجيرە کتێبی کەلەپور، ژمارە (٢٦)، چاپخانەی موکريانی، چاپی يەکەم، هەولێر.

باقی، محەمەد حەمە (٢٠٠٢). مێژوی موزيکی کوردی، دەزگای موزيک و کەلەپوری کورد، چاپی دوەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

باقی، محەمەد حەمە (٢٠٠٩). مێژوی موزيکی کوردی، دەزگای موزيک و کەلەپوری کورد، چاپی سێييەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

توفيق، زرار صديق (٢٠١٠). الموسيقى الكوردية في العصر الوسيط، (زانكو) مجلة العلوم الانسانية، تصدرها جامعة صلاح الدين، العدد (44)، اربيل.

ڕەسوڵ، شوکريە (٢٠٠٨). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی موکريان، چاپی يەکەم، هەولێر. ڕەسوڵ، عيزەدين مستەفا (٢٠١٠): لێکۆڵينەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی.

سەگرمە، ع.ج. (٢٠٠٣). لاپەرەيەک لە بنەماکانی موزيکيی کوردی، توێژينەوەی موزيکيی، چاپی يەکەم، بڵاوکراوەی ئينستوتی کەلەپوری کورد، ژمارە (١)، کوردستان، عێراق.

شاربازێڕ، عوسمان (١٩٨٥). گەنجينەی گۆرانی کوردی، چاپخانەی زمان، بەغداد.

فەرەج، غەمگين (٢٠٠٥). دەروازەيەک بۆ بۆتەکانی موزيک، وەزارەتی ڕۆشنبيری، زنجيرە کتێبی ئينستيوتی کەلەپوری کوردستان، چاپخانەی منارە، چاپی يەکەم، هەولێر.

فاضل، وهيب ابی (٢٠٠٧). موسوعة عالم التاريخ والحضارة، ج١، عالم من عصور ماقبل تاريخ حتى قرون الوسطى.

عەلی، ئەسعەد محەمەد (٢٠١٠). گۆرانی فۆلکلۆری -چەمک و تايبەتمەندييەکانی، ئا. و: ئامانج غازی، چاپخانەی منارە، چاپی يەکەم، هەولێر.

الربضي، ميس (٢٠١٦). "المهارات الأدائية على آلة البيانو لمرحلة المبتدئين الصغار في منهاج آلفرد الأساسي دراسة تحليلية"، رسالة ماجستير، الجامعة الاردنية، عمان.

جادالله، محمود محمد خليفة (٢٠٠٧). تأريخ و تطور آلة البيانو في العالم العربي، رسالة ماجستير، جامعة اليرموك، إربد، الأردن.

ديڤی، سيدرك ثورب (٢٠٠٠). التحليل الموسيقى، ت. سمحه الخولي، حسين فوزى، طبعة ثانية موسعة، طبع بالهيئة العامة لشؤن المطابع الأميرية، القاهرة.

طموم، رشا على (١٩٩٨). "دراسة تحليلية لأسلوب تناول ألحان التراث فى أعمال بعض المؤلفين المصريين القوميين فى القرن العشرين"، رسالة دكتوراه غير منشورة (القاهرة: كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان).

محمد أشرف عثمان (١٩٩٣). وسائل تحسين أداء الغناء الفردي العربي لشباب مركز الإشعاع بكلية التربية الموسيقية، المؤتمر العلمي الثالث، القاهرة،

گۆرانی فۆلکلۆر، أغنية – المعرفة (marefa.org) ، سەردانکراوە لە ٢٠٢٢/٨/٣.

Method Definition & Meaning - Merriam-Webster [Online]. 16 May 2022, Available at: https://www.merriam-webster.com
SONG | meaning, definition in Cambridge English Dictionary [Online]. 22 august 2022, Available at: Dictionary. Cambridge.org
Types Of Musical Forms (Examples, Definitions, Lists) – Joshua Ross (joshuarosspiano.com)

Albergo, Cathy Freeman (1988). “Objectives for elementary level piano instruction: A survey and comparison of the objectives of eight American children's piano methods with the objectives of piano/piano pedagogy teachers” (PhD diss., University of Illinois at Urbana-Champaign).

Ammer, Christine (2004). The Facts on file dictionary of music, Infobase Publishing.

Ayderova, Violetta, Wong Huey Yi, and Colleen Wong (2017). "Educational material using Malay children's folk songs for viola beginners." *International Journal of Academic Research in Business and Social Sciences* 7.11: 2222-6990.

Bent, Ian D., Hughes, D., Provine, R., Rastall, R., Kilmer, A., Hiley, D., and Chew, G. (2001). Notation. Grove music online.
Ceren, Göğüş (2007). "Mesleksel Müzik Eğitimi Veren Kurumlarda Ulusal Müzik Kültürüne Dayalı Başlangıç Piyano Eğitimine Dlişkin Öğretmen Görüşleri (Ankara Dli Örneği)." Yüksek Lisans Tezi, Gazi Üniversitesi Eğitim Bilimleri Enstitüsü Güzel Sanatlar Anabilim Dalı, Ankara.
DaDau, J. (1982). the first piano book for children In Y. Shau (Ed.), Piano education and piano methods in the world (pp.242-248). Taipei, Taiwan: Zen-On.

Howe, Sondra Wieland (1995). Sources of the folk songs in the violin and piano books of Shinichi Suzuki. *The Bulletin of Historical Research in Music Education*, *16*(3), 177-193.

Huang, Fang Ting (2007). Preschool piano methods and developmentally appropriate practice, (PhD diss., University of Missouri-Columbia).

Kamien, Roger (1998). MUSIC AN APPRECIATION, (The McGrow-Hill, THIRD BRIEF EDITION, United States of America).

Kneer, Julie (2006). “Strategies in the formation of piano technique in elementary-level piano students: An exploration of teaching elementary-level technical concepts according to authors and teachers from 1925 to the present” (PhD diss., The University of Oklahoma).

Liang, Li Kuo (2004). *Usage and development of piano method books in Taiwan: Interviews and observations with piano teachers*. The University of Oklahoma.

Li, Kuo Lianj (2004). *Usage and development of piano method books in Taiwan: Interviews and observations with piano teachers*. The University of Oklahoma.

Magrath, J: (1995). The pianist's guide to standard teaching and performance literature. Van Nuys, CA: Alfred Publishing Co.

Murphy, Fintan & Rickard, Nikki & Gill, Anneliese (2011). Informing new string programs: Lessons learned from an Australian experience. British Journal of Music Education. 28. 285 - 300. 10.1017/S0265051711000210.

Navarro, Priscila (2021). Peruvian Folk Music: A Pedagogical Adaptation to Supplement Beginning Piano Repertoire. Diss. University of Miami.

Nelson, Patty (2013). "Piano curriculum: What teachers are using and how it aligns with Jerome Bruner's enactive, iconic, and symbolic learning theory" (Diss. Baylor University).

Parakilas, James (1995). Folk Song as Musical Wet Nurse: The Prehistory of Bartók's For Children. The Musical Quarterly, Volume 79, Iss 3, P. 476– 499.

Schubert, Kathleen Louise (1992). *Willard A. Palmer's contributions to piano pedagogy*. The University of Oklahoma.

Song, Hyun-Soo (2011). *Mikrokosmos and 32 Piano Games: Introducing Contemporary Musical Language and Developing Piano Technique for the Beginning Student*, Diss. University of North Texas.

Stewart Pollens, Pollens Stewart Pollens, and John Butt (1995). The early pianoforte. Cambridge University Press.

Sung, Meir Mei Wah (2017). "A Survey of Technique Elements in Piano Method Books and Technique Books for Young Piano Beginners" (Master's Thesis in Music, School of Music Faculty of Arts University of Ottawa, Ontario, Canada).

Uszler, Marienne, Stewart Gordon, and Elyse Mach (1991). The well-tempered keyboard teacher, (MacMillan Publishing Company).

Wier, Albert Ernest (1940). The Piano: its history, makers, players and music. Longmans, Green and Company.

Ceylan, Ünal Akbulut, Emine (2010). "Arrangements of selected Turkish tunes for early-elementary piano education.".